سەرۆککۆماری لوبنان بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت دا و بڕیار بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ داوە

سەرۆکایەتی لوبنان ئەمڕۆ شەممە 8ـی شوباتی 2025، پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی له لوبنان به سەرۆکایەتی نەواف سەلام ڕاگەیاند.

ئاژانسی هەواڵی فەرمی لوبنان بڵاویکردەوە، کە جۆزێف عەون سەرۆک کۆماری لوبنان بڕیارێکی واژۆ کردووە بە دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی نەجیب میقاتی و بڕیارێک بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ.

مەحموود مەکیه، سکرتێری گشتی کابینەی حکومەتی لوبنان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە حکومەتی نوێ بەسەرۆکایەتی نەواف سەلام 24 وەزیر لەخۆدەگرێت.